## ماڵپەڕی بۆكان – ڕۆژهەڵات

كورد گوتەنی "با قسەیەكیش بۆ دز بكەین"!

وا نزیكەی ٣ ساڵە ئەم زنجیرە وتارە لە ماڵپەڕی بۆكان – ڕۆژهەڵاتدا بڵاودەبێتەوە. لەو ماوەیەدا و پێش ئەویش سەدان بابەتی مێژوویی – سیاسی – فەرهەنگی سەبارەت بە بۆكان لە ماڵپەڕەكەدا بڵاو بۆتەوە و لە ڕاستیدا ماڵپەڕەكە بۆتە وتەبێژ و دەنگی ڕاستەقینەی شاری بۆكان و ناوچەی دەوروبەری. دیارە بەهۆی ئەو بەربەستییە توندوتیژەی كە ڕژیمی مەلاكان لەسەر خەڵك و پەیوەندەكانیانی داناوە، هەروەها بەهۆی هەمەگیربوونی كۆمپیوتەر و ئینترنێت لەناو كۆمەڵانی بەرینی خەڵكدا، واهەیە پەیوەندی ناوخۆی وڵات لەگەڵ ماڵپەڕەكە ئەورادەیە نەبێت كە دەبوایە ببێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی خەڵك لەگەڵ بەرپرسان و ماڵپەڕەكە خۆی، جێگەی ڕەزامەندی و خۆشحاڵی زۆرە. واهەیە مافی ماڵپەڕەكانی ناوخۆی وڵات پێ شێل نەكرێت ئەگەر بڵێم "بۆكان – ڕۆژهەڵات" یەك لە چالاكترین ماڵپەڕە كوردییەكانە لە پەیوەندی شاری بۆكاندا. هەروەها زۆرێك لە ئەدیب و هونەرمەند و توێژینەرانی شار و ناوچەكە، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ هاوكاریی ماڵپەڕەكەیان كردوە و بابەتیان بۆ ناردوە.

من كە بەدوای سەرچاوە لەمەڕ شاری بۆكاندا دەگەڕێم، نەزانی دەبێت ئەگەر باسی بەردەمی خۆم نەكەم و ئاوڕ لە ماڵپەڕی بۆكان – ڕۆژهەڵات نەدەمەوە. گەرچی زنجیرە وتاری "بۆكان لە مێژوودا" هەر لەم ماڵپەڕەدا بڵاو دەبێتەوە، بەڵام ماڵپەڕەكە سەدان بابەتی گەلێك گرنگتر لەم وتارانەی منی بڵاوكردۆتەوە كە بەشێكی بەرچاویان لە پەیوەندی بۆكان و خەڵكەكەیدا بوون.

گەرچی واهەیە بەرپرس و كارگێڕانی ماڵپەڕەكە بەوە ڕازی نەبن كە لێرەدا باسی ئەرك و كار و زەحمەتی شەو و ڕۆژیان بكەم بۆ بەڕێوەبردنی ماڵپەڕەكە، بەڵام هەر ئەوەندەی كە دووراودوور ئاگاداری كاری پڕ ئەرك و زەحمەتیان هەم، بێ ئینسافی و هەروەها ناتەواوییەك بۆ ئەم زنجیرە وتارەدەبێت كە وەك بەشێك لە سەرچاوەكانی توێژینەوە لەمەڕ بۆكان و ناوچەكەی، ئاماژە بە ماڵپەڕی بۆكان – ڕۆژهەڵاتیش نەكەم.

بەكورتی، ماڵپەڕی بۆكان – ڕۆژهەڵات سەرچاوەیەكی گرنگی بابەتی نووسراو، موسیقا، وێنە، شانۆنامە، فیلمی كورت(پانۆراما)، و هەواڵ سەبارەت بە بۆكان و ناوچەی دەوروبەریەتی و بۆ هەرچەشنە توێژینەیەكی لەمەڕ بۆكان، لێكۆڵینەران ناچار بە سەردانی ماڵپەڕەكە دەبن.

ئەوەش ئادرەس و ئێمێلی ماڵپەڕەكەیە:

هەر سێک ئادرەس و دوو ئیمه یلی خوارەوە بۆ چوونە ناو ماڵپەڕەکە پارێزراون و دەتونرێ کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

www.rojhalat.de

www.bokan.de

www.mukerian.com

ئیمه یل redaktion@rojhalat.de